# سەوسەن سەلیم وەك یەكیك لەهەلسوراوانی ماندوو نەناس لەبواری كیشەكانی ژناندا لەلایەن تۆنی بلیەر، سەرۆك وەزیرانی بریتانیا و لۆرد مایەری لەندەنەوە پیشوازی لیدەكری؟

رۆژی 21 /2005/2 سەوسەن سەلیم لێپرسراوی کەمپینی نێونەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنان به تاوانی کوشتنی ناموسی ژنان وبەرپرسیاری رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان لەبەریتانیا، وەك یەکیك لەهەلسووراوانی ماندو نەناسی بوواری کیشەکانی ژنان و داکۆکیکەر لەمافەکانی ژنانی کوردستان، وبەتایبەتیش هەلسوراو لەبوواری راوەستانەوە بەدژی تاوانی کوشتنی ناموسی لەنێو کۆمیونتی کوردی دا لەلایەن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر و شێرلی بلێر( Tony Blair& Cheer Blair) وە لەئیوارەخوانیکدا پیشوازی لیکرا .. لەم دیدارەدا سەوسەن سەلیم دوای بینینی سەروك وەزیران و بەریکردنی بەرنامەی ئیوارەخوانەکە، توانی چاوی بکەوی به شێلری بلیر و لەبارەی دیاردەی توندتیژی لەدژی ژنان وبەتایبەتیش دیاردەی کوشتنی ناموسی لەناو کۆمیونتی کوردیدا قسەباس بگۆریتەوەو سەرەنجی شیلر راکیشی بۆ ئەو هۆکارانەی کەدەبنە هۆکاری پەرەسەندنی توندو تیژی لەدژی ژنان و کەوتنەوەی تاوانەکانی کوشتنی ناموسی ژنان لەنێو کومیونیتی کورددا. هاوکات سەوسەن لە قسەکانیدا لەبارەی ئاماژەی بەدەوری کەمپنی نێونەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنان به کوشتنی ناموسی، بەدوای رووداوی دلتەزینی کوشتنی هیشو عبدولله کردو پێداگری لەسەر ئەوەکرد کەکوشتنی ناموسی تاوانە و هەرجۆرە تبریرێ پاساوێك بۆ کەمکردنەوەی سزای ئەم تاوانە جێگایی قبول نیەو ئەوە ئینسانەکانن هەمیشە بەرزو پیرۆزترن لەهەر پیوەرێکی فەرهەنگی قەومی وئاینی. لە وەلامدا شیرلی بلیر ویرای ئەوەی کە بۆچوونەکانی سەوسەنی سەلماند بەلێنیدا بەکارکردن لەسەر ئەم بابەتە وئامادەیی هاوکاریکردنی کەمپنی جیهانی لەدژی تاوانی کوشتنی ژنان و ریکخراوی ژنانی پەنابەر راگەیاند. لەکوتایدا سەوسەن لەبارەی بەرنامەی دەولەت بۆکارکردن لەم بارەیەوە دوواو دووبارە تاکیدی لەوەکردوە کەدەولەت بەرپرسیارە لەبەرامبەر هەرجۆرە توندو تیژیەك لەدژی ژنان و کەوتنەوەی تاوانەکانی کوشتنی ناموسی بۆئەمەش یاسا دەتوانی زەمانەتیکی باشبیت بۆبەرگرتن لەم دیاردەیە و ئەرکی دەولەتە یەسایەکی توند لەم بارەوە پەسەندبکات و هیچ جۆرە پاساوێك لە لەژێرناوی دین یان کلتور نەدریت بەتایبەتی لەپیناو سەلامەتی مندالانێك کەلەم ولاتەدا گەورە دەبن و داهاتویان لێرەیە.. جارێکیتر شلیری بلیر رەزامەندی بۆ پیشنیارەکانی سەوسەن دەربری و داوای پەیوەندی و خستنەرووی بەرنامەی کەمپین و ریکخراوی ژنانی پەنابەری کرد.. شایانیباسە لەم
پێشوازیەدا، سەوسەن لەریزی 450 کەس دابوو کەلەسەرتاسەری بریتانیا ولەبووارەجیاجیاکانی ریکخراوە نادەولەتی و چاراتیەکاندا وەك هەلسووراوانی ماندونەناس لەراستای پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری وکۆمەلایەتیەکان بۆبەرەو پێش بردنی وەزعی کۆمینویتیەکان لە بەریتانیا.، ناسیندرابوون.



هەروەها ئیوارەی رۆژی دواتر واتە 2005/2/22 لە ( Mansion House) دا سەوسەن سەلیم بانگهیشت کرا بۆ میوانداری لۆرد مایەرلە لەندن- ( Lord Mayor, Alderman Michael Savory)، لەم دیدارەدا سەوسەن چاوی کەوت بە لۆرد مایەر و بەکورتی باسی کارەکانی خوی بۆکرد پاشان چاوی کەوت بە سکرتیری لۆرد مایەر هاوسەری لۆردمایەر( Mrs. Lord Mayor) لەبارەی بارودۆخی تازەی ژنان لەعیراق وکوردستان لەبەر رۆشنایی ئاخرین رووداوەکانی جەنگ و تیرۆرو داگیرکردنی ئەمریکا کرد و ئاماژەی بەچەندین دیاردەی ناهەموار کرد کەرۆژانە لەدژی ژنان پەیرەویان لیدەکری بەتایبەتی پەرەسەندنی دیاردەی خۆسوتاندنی ژنان لە کوردستان. پاشان سەوسەن لەبارەی ئەو هۆکارانەی کەوادەکات ژنان عیراق بەجی بهێلن قسەو باسی کرد و سەرنجی ئەوانی بۆ کاریگەری ئیسلامی سیاسی و دەستوری تازە لەعیراق و کوردستان راکیشا. لەوەلامدا Mrs. Lord Mayor باسەکانی سەوسەنی بەجدی وەرگرت و داوای کرد کەلەمبارەوە زیاتر ئاگاداری پیبدەن تا لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەم بارودۆخانە بەشێوەی رەسمی بگەینیتە پەرلەمانی بەریتانیا، تا حکومەت بتوانی لەبارەی وەزعیەتەکانی ژنانی عیراق وکوردستانەوە کاردانەوەی پیویست بگریتەبەر بەتایبەتی کارکردن بەئاراستەی دانانی دەستوریك لەعیراقدا

**کەمافەکانی ژنانی عیراق لەهەموو رویەکەوە بەرەسمی بناسریت .. شایانی باسە سەوسەن لەم میوانداری‌یەدا چاوی بەدەیان کەسایەتی بوارە کۆمەلایەتی و سیاسی‌یەکانی شاری لەندن کەوت و لەبارەی داهاتووی کاری‌خۆیەوە بیرورای گۆری‌یەوە.**

**ئەمانە و سەوسەن سەلیم لەرۆژی** 2005/2/24 **دا، لەسەر داوای بەشی خانوبەرە لە ناوچەی جنوبی لەندەن** Southwark Housing **وۆرك شۆپێك لەسەر دیاردەی توندو تیژی و دیاردەی کوشتنی ناموسی لە کۆمیونتی کوردی ورۆژهەلاتی ناوەراستدا، بۆ فەرمانبەرانی ئەوبەشە, سازدا. لەم وۆرك شۆپەدا سەوسەن وەك کەسێکی شارەزاو تایبەت مەند لەبووراەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان و کۆشتنی ناموسی قسەوباسی کرد و لەبارەی هۆیەکان و چونیەتی کارکردن بەئاقاری نەهیشتنی ئەم دیاردەیە پلاتفۆرمێکی کاری خستەروو ..جیگای ئاماژەیە ئەم وۆرك شۆپە ماوەی** 5 **کاتژمێری خایاند و لەکەناریشەوە فلیمێکی دۆکیومەنتی لەسەر وەزعی ژنانی کوردستان نیشانی ئامادەبوون دا .**

**وەهەروەها سەوسەن لە** 2005/3/1 **دا لە کۆبونەوی** ( Elthornr regeneration) **بەشداری کرد و چاوی کەوت بە بەرێز جیرمی کۆربن ئەندامی ناسراوی چەپ و مرۆڤ دۆستی نیو پەرلەمانی بریتانیا و لەبارەی مەسەلەی ژنان لەعیراق و دانانی دەستور تازە وهەرەشەی ئیسلامیەکان لەسەرژنان و سەرجەم کۆمەلگای عیراق قسەوباسی کردو داوای لێکرد کەلەبارەی ئەم وەزعانەوە پەرلمانی بریتانیا هەستیاربکاتەوە. جیرمی کۆربن ویرای پیشوازی کردن لەقسەوباسەکان بەلێنی‌دا بەم نزیکانە کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر ئەم مەسەلانە بباتە نیو پەرلمانەوە و هاوکات ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری جدی راگەیاند.**

**هەرلەم راستایانەداو لەچوارچێوە چالاکیەکانی** 8 **مارسدا رۆژی** 3/4 **سەوسەن سەلیم هاورێ لەگەل دیانا نامی بەشداری لە وۆرك شۆپیکداکرد کەلەلایەن پرۆژەی** ( AFRW) **لەسەر دیاردەی کوشتنی ناموسی لە ناو کۆمیونتی کورددا سازدرابوو. شایانی باسە بەدوای تەواوبوونی قسەوباسەکان، سەوسەن** ( BBC-10 o’clock news) **مقابەلەیکی تلفونیان لەگەل سازدا لەسەر دیاردەی کوشتنی ناموسی لەناو کۆمیونتی کوردو هۆکارەکانی ..**

**کەمپینی نیونەتەوەیی بۆکۆتایی هینان بەکوشتنی ناموسی ژنان**

**2005/3/12**